خوێنی هیچ مسوڵمانێک حەڵاڵ نییە کە شاهێدی دابێت بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله)؛ مەگەر بەهۆی یەکێک لەم سیانە نەبێت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوێنی هیچ مسوڵمانێک حەڵاڵ نییە کە شاهێدی دابێت بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله)؛ مەگەر بەهۆی یەکێک لەم سیانە نەبێت: پیاوێک زینا بکات پاش ئەوەی هاوسەرگیری کردبوو (لە هاوسەرگیریەکی شەرعیدا جیماعی کردبوو)؛ ئەوا ڕەجم دەکرێت، وپیاوێک دژایەتی کردنی خودا وپێغەمبەرەکەی بکات؛ ئەوا دەکوژرێت یان لە خاچ دەدرێت یان لەو خاکە دوور دەخرێتەوە، وکەسێک یەکێکی تر بکوژرێت؛ ئەوا دەکوژرێتەوە».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر حەرامبوونی خوێنی مسوڵمانان کە شاهێدی دەدەن بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله)، وهیچ شتێکیان لێ نەبینراوە کە شاهێدی دانەکە هەڵبوەشێنێتەوە وهۆکاری دەرچوون وهەڵگەڕانەوە بێت لە ئیسلام، چونکە شەریعەت کە هەمووی حیکمەت ودانایی سوورە لەسەر پاراستنی نەفسەکان، بۆیە چەند یاسا وڕێگایەکانی داناوە بۆ پاراستن وبەرگری کردن لە نەفسەکان، لە پاش شیرک -هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە-؛ کوشتن گەورەترین تاوانە لە شەریعەتدا. کوشتنی مسوڵمانێک کە شایەتمانی هێنا بێت حەرامە مەگەر پاش ئەنجامدانی یەکێک لەم سێ تاوانە -یان ئەوانەی هاوشێوەی ئەم تاوانانە- نەبێت: 1/ کەسێک زینا بکات پاش ئەوە خوای گەورە نیعمەتی هاوسەرگیری پێبەخشی، ودامێنی پاراست بەهۆی هاوسەرگیری شەرعی دروست. 2/ دەستدرێژی بکاتە سەر نەفسێکی بێ تاوان وبیکوژێت بە ستەم وزوڵمەوە، ودادپەروەری لێرەدا بەو شێوەیە جێبەجێ دەبێت کە هەمان سزای بکوژ بدرێتەوە وئەمیش بۆ ئەوەی هەق بۆ شوێنی خۆی بگەڕێتەوە، وڕێگری بکرێت لە کەسە دەستدرێژکەرەکان لە سنوور تێپەڕاندن. 3/ هەرکەسێک دەربچیت دژی مسوڵمانان ودژایەتی خودا وپێغەمبەرەکەی بکات وبانگەشە بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام بکات، یان ڕێگر وچەتە بێت ومسوڵمانان بترسێنێت وماڵ وسامانیان ببات ودەستدرێژی بکات سەریان، وخراپەکاری وتاوان لە نێوانیاندا بڵاو بکاتەوە کە بەرەو دۆزەخ دەیانبات؛ ئەم جۆرە کەسانە دەبێت بکوژرێن یان لە خاچ بدرێن یان دوور بخرێنەوە وبەند بکرێن، بۆ ئەوەی مسوڵمانان هێور ببنەوە وپارێزراو بن لە شەڕ وەدەستدرێژییان. ئەم سێ کۆمەڵەیە دەکوژرێن؛ چونکە لە کوشتنیان پاراستنی ئاین وئایندەری ولاشە وناوبانگ و-شەرەف وناموس- وماڵ وسامانی خەڵکی تێدایە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58194